


# دەچمەوە دیداری هەژۆ

**دیدار مەسیفی**
**(کەنەدا)**

**(مَا مِنْ رُمَّانٍ مِنْ رُمَّانِكُمْ إِلا وَهو يُلْقَحُ بِحَبَّةٍ مِنْ رُمَّانِ الْجَنَّةِ)**

**فەرموودەی سەروەری عالەم (د . خ)**

**ئەم چیرۆکە پێشکەشە بە هالە ڕەمزی، بە هەبوونی جوانی و کۆچی پڕ لە وانە و مانای!**

هەژۆ ناوی هاوڕێیەکی هەڵەتی منداڵیمە و هەتا ئەو ڕۆژە خەمناکەی لە بەردەم ماڵەکەیدا جێم هێشت، ئەو هەمیشە لە برایەکی پشتی، دڵسۆزتر لە تەکم بوو، بە هەبوونم دڵشاد بوو. لە بیرمە جارێکیان بەوپەڕی شادمانییەوە لە نێو باخەکەی باپیرەمدا وێکڕابووین و ئەو هەنارانەمان لە ژێر دارەکاندا کۆدەکردەوە، کە باوبارانی دوو شەوی پێشوو دایتەکاندوبوون. هێشتا لە دەستپێکی کارەکەدا بووین لەپڕ ئازارێک لە بەلەکی قاچی چەپم پەیدابوو، کە پێشتر هەرگیز هاوشێوەی ئێشێکی وەهام بە لەشدا نەچووبوو. هەژۆ لەو ساتەوەختە دژوارەدا لەژێر دارهەنارێکی گەورەدا وەستابوو، هەنارێکی زەردی گەورەی بە دەستەوە بوو، چەند هەنگاوێک لێمەوە دوور بوو، دواتر نازانم چۆن لەگەڵ دەنگی هاوارم چەشنی گوللە گەیشتە لام:

– دڵدار، ئەوە دووپشکە پێوەی داویت!

هەژۆ بەرلەوەی بنووشتێتەوە، دیمەن و سەلمێنەری ئەم ئاخافتنەی بە ڕوونی لە پێش چاوە نیوەکراوەکانمدا دیاربوو، کە چۆن شتێکی لە ژێر پێڵاوەکانی دەپلیشاندەوە. ئەو دەتگوت شارەزایەکی

پیتۆڵە، چونکە هەر لەتەکم دانیشت، پەتی تاکە پێڵاوێکی دەرهێنا و بە توندی لە خوار ئەژنۆمی شەتەک دا، وێجا بە پارچە بەردێک شوێنی پێوەدان و چزووی دووپشکەکەی بریندارکرد و دەستی بە مژینی خوێنە ژەهراوییەکەی نێو دەماری قاچم کرد. ئەو ڕۆژە هەژۆ لە پێش چاوانم دەتگوت پاڵەوانێکی یاری ئاگرینە، لەو کاتەی چەند بستێک لە نزیکی خۆی خوێناوی نێو دەمی چەشنی پرووشەی ئاگر بە زەویدا دەپرژاند.

دواتر بە نێو لەپی دەستە بچووکەکەی ئارەقەی ساردی لەسەر تەوێڵم دەسڕییەوە و دڵنەوایی پێ دەدام کە نامرم. من گێژبووبووم، لێ هێشتا هۆشیاربووم و بە ئاستەم دەمبینی کە چۆن هەژۆ قەڵەمێکی لە گیرفانی شەرواڵە خاکییەکەی دەرهێنا و لە سکی هەنارە گەورەکەی نێو دەستی ڕاکرد، دواتر هەنارەکەی لەسەر لێوەکانم ڕادەگرت و دەیگوت:

- دەی دڵدار دەمت بکەوە!

چێژی ئاوی هەنارەکە وەک ئەوەی شەرابی میوەیەک بێت و لە بەهەشتەوە خۆنەویستانە بە قورگمدا چووبێتە خوارەوە، منی لە بارێکدا هێشتبووەوە کە تێیدا هەست بە سەرمەدیبوونی کات بکەم و وەها بزانم کە ئیدی هەرگیز نامرم. لێ، لەو کاتەی پێڵووی چاوەکانم خەریکبوون شل دەبوون و دەکەوتن، لەپڕ شەپۆلەکانی ئاوازی دەنگە خۆشەکەی باپیرەم لە نێو هەردوو گوێچکەمدا لەرییەوە و وەهای لێ کردم کە بەتوندی بپژمم. پرووشەی ئاوی هەنارەکە لە کونەکەپووم دەرپەڕین و یەکسەر لەو بەهەشتە وەدەریخستم کە لە بێهۆشیمدا، لە پێش چاوانم چێ بووبوو. لەو بارە ناجێگیرەدا وێنای کیژێکی قژکاڵ و لێوئاڵم بینیبوو، کە ڕەنگی پێستە سپی و پەمەییەکەی گرەوی لە درەوشاوەترین دەنکەهەناری دنیا دەبردەوە.

دوای چەند خولەکێک، جارێکتر هەژۆم لە تەک خۆمدا بینییەوە، کەچی وێنای کیژەکە هێشتا لە چاوانمدا وێڵ نەبووبوو، بۆیە بۆ ماوەیەکی کورت هەژۆم وەک تێکەڵەیەک لە وێنای جێماوی کیژەکە دەبینی، لێ هەرکە بەتەواوی وەهۆش خۆم هاتمەوە، کیژە جوانەکە دەمێک بوو لە لەشی ئەو برایە شیرین و فریادڕەسەم جودابووبووەوە. تاوێکی درێژ باوەڕم بە چاوەکانم نەدەکرد کە ئایا لە شوێنێکی سەرمەدیم و لە ژێر پێی دوو دڵداری گیانی بە گیانیدا ڕاکشاوم، یان هەر لە نێو باخەکەی باپیرەمم و لە ژێر دارهەنارێکی پیردا کەوتووم.

باپیرەم شاگەشکە بووبوو، نەیدەزانی چۆن لە ئاست وەهۆشهاتنەوەم و جوامێری هەژۆ شادمانی خۆی بنوێنێت. چاوم لێی بوو پڕ بە زاری پێدەکەنی و ماچی دەکردم و لە خودا دەپاڕایەوە کە زیندووم و نەمردووم، دواتر چەندان جار هەژۆی لە باوەش دەگرت و بەرەو ئاسمان بەرزی دەکردەوە و دەیگوت:

- ڕۆحم بە قوربانت بێت ڕۆڵە گیان!

ئەو بەسەرهاتە گرنگەی دەستپێکی ژیانم، بوو بە مۆرک و پەیمانێکی بنەڕەتی و قووڵی نێو ناخم کە بۆ هەتایە لەبری هاوڕێ ناوی هەژۆ بە برا بهێنم، هەروەها لە گشت ئانوسات و شوێنێکدا لە باسکردن و یادکردنەوەی دڵسۆزی و پەرۆشییەکەی نەبمەوە.

کەچی مخابن، داهاتوو بۆ من و هەژۆ بە زوویی هات و هەردووکمان لەپڕ گەورەبووین و لە یەکدی دابڕاین. ئەرێ، مینا هەموو ئەو خوشک و برایانەی کە لە ژێر یەک باندا هاکا لە گوندە جوانەکەی باپیرەمدا بژین، یان لە

شارۆچکەی سەلما و هەر بستێکی دیکەی سەر ئەم زەوینە، ناڵەی جودایی سێبەری ئەو چارەنووسە دانووساوەیە کە وەک هەیتەی شەو لەپڕ لە هەموومان وەدەنگ دێت و بڵاوەمان پێ دەکات، وەک دەنکەکانی هەنارێکی لە ئاسمان فڕێدراو.

ئیدی من و هەژۆ وەک خەون لە هەڵەتی منداڵی نەماین و کەوتینە نێو ژیان و دنیایەک کە هیچی لە هیی ئەویتر نەدەچوو. لێ، لەو خەون و خەیاڵانەی بە شەو و ڕۆژ بەرۆکی بەرنەدەدام، هەژۆی برا هەمیشە لەو بەردە سەنگینە دەچوو کە ئەگەر ڕۆژێک دەنگێکی لێوە هاتبایە، دەیگوت: یەک بستی ژێر دار هەنارەکانی باخی باپیرە و زێدی شیرین، بە هەموو گەوهەری دنیا ناگۆڕمەوە.

ئەو ڕۆژەی لە فڕگەی ئەسبەبۆر بۆ یەکەمین جاری تەمەنم سواری فڕۆکە دەبووم، کۆستی لە دەستچوونی باپیرەم و جودابوونەوەم لە خوشکەکانم و هەژۆی برام بارێک بوو بەسەر شانمەوە، لە کێشی فڕۆکەکەی (کۆمپانیای KLM) گەلێک قورستر. دوای ئەوەی بەڵگەنامە و بلیتی گەشتەکەم بۆ ئەودیوی ئۆقیانووسەکان لە دەست ژنە فەرمانبەرە کورت و قەڵەوەکەی دەزگەی کۆچبەری وەرگرت، خۆمم لە نێو ڕێڕەوی فڕۆکەکەدا بینییەوە و لەو کورسییە گەڕام کە ژمارەی شوێنی دانیشتنمی بەسەرەوە بوو (26H). لە شوێنەکەم دانیشتم و ژنێکی قەڵەو هات و داوای لێ کردم کە یارمەتی بدەم و جانتا دەستییەکەی لە کۆگە واڵاکەی بان کورسیی هەردووکمان بۆ دابنێم. ژنەکە بەرلەوەی لە تەکم دابنیشێت، لە گیرفانی جانتاکەی کتێبێکی دەرهێنا، کە من شیام تەنێ شتێک لەسەر بەرگەکەی بخوێنمەوە کە بە ڕێنووسێکی پڕ نووسرابوو، گوڵی تەرەقی!

دڵم بە خوێندنەوەی ئەم ناوە کرایەوە و ڕوخساری گوڵێی خوشکم هاتەوە پێش چاوم، کەچی سەرباری ئەو هەموو نووسەرە بیانییەی پێشتر بە ناوەکانیان ئاشنا بووبووم و کتێبەکانیانم بە ئاکامی دڵ خوێندبووەوە، گوڵی تەرەقی ناوێک بوو هەتا بڵێیت دوور و نامۆ.

بە درێژایی گەشتە ماوە نەبڕاوەکەی نێو فڕۆکە مەزنەکە، ژنە قەڵەوەکەی بە ڕێکەوت لە تەکم دانیشتبوو، بە سەرە زمانێکیش ئاخاڤتنێکی لە تەکمدا نەکرد، دەتگوت ئەو لە ناخەوە خۆی لێ بووبوو بەو گوڵی تەرەقییەی نە بە ناوەکەی ئاشنابووم و نە وشەیەکیشم لە کتێبەکانی خوێندبووەوە. هەستم کرد ژنە لە هەڵکەوتەی ناجۆرم لە بەرانبەر جلوبەرگی پۆشتەی و بۆنوبەرامی گرانبەها و ڕۆژەڕێییەک ڕۆیشتووی، هەر لە سەرەتاوە جوداییەکی گەورەی لە نێوان خۆی و مندا بینیبووەوە، بۆیە نە بە تیلەی چاوێک سەیرێکی کردم و نە بە لێوە پڕەکانیشی بە ڕوومدا پێکەنی. دەتگوت ئەو ژنە فارسە هەر لە سەرەتاوە منی مینا کۆڵبەرێکی بێچارەی سەر توولەڕێی چیایەک بینیبوو، نەوەک گەشتیارێکی نێو فڕۆکە.

هێندەی ئازاری جودابوونەوەم لە گوندە خۆشەکەی باپیرەم و شارۆچکەی سەلما و ئازیزانم، بە دەرکەوتنم لە فڕۆکەکە ئازارم دەچەشت و بەردەکەی نێو خەون و خەیاڵم ورد ورد دەبوو و بەسەر سەرمدا دەباری. لێ، بە بیرکردنەوەم لەو هاوسەفەرەی سەرباری یارمەتیدانیم بزە و سپاسێکی بۆم بەسەر زاردا نەهاتبوو، پێیەکانم لە پیادەڕۆیی و چوون بەرەو شارە شووشەییەکەی خاکی غەریبی خۆشییان

دەبینی.

لە ڕۆژگارەکانی گۆریندا باپیرەم بە یەکجارەکی لێم بێئومێد بووبوو، بەتایبەت لەوکاتانەی هەرکە بابەتی ژن خواستن و مێردکردن دەهێنایە گۆڕێ، من سەرم لە نێو باوەشی کتێبێکدا نقوم دەکرد، بۆیە هەر ساڵێک دوای ئەوەی من و هەژۆ هەریەکەمان لە شارێکدا زانکۆمان تەواوکردبوو، باپیرەم لەبری جارێکیتر دەربارەی بابەتی ژن خواستن و مێردکردن بمدوێنێت، هەردەم ڕووی ئاخاڤتنەکانی وەردەگێڕایە لای هەژۆ و دەیگوت:

- ڕۆڵە ئازیزەکەم دەبێت کیژێکت بۆ بخوازم لە گوڵەهەنار ناسکتر!

ماوەی کەمتر لە شەش مانگ دوای ڕووداوی پێوەدانی دووپشکەکە، باپیرەم بۆ کارێکی چاکە خۆی لە گوندێکی نێو شاخە سەرکەشەکان بە ناوی کانی ماسی دەبینێتەوە. لەوێدا بە ڕێکەوت چاوی بە کیژۆڵەیەکی قژ خەنەیی و پێست پەمەیی زۆر جوان کەوتبوو. کیژەکە وەها بە خەمناکی گوڵەهەنارێکی بەدەستەوە گرتبوو، بەسۆز لە باپیرەم ڕامابوو، دەتگوت ترسێکی نێو دڵی بۆی لەسەر ڕوو دەردەخست، نەوەک بەر لە پێگەیینی هەنار کەسێکی بیانی لێ وەدەرکەوێت و وەک شێری کوێری بیابان بیرفێنێت. دیمەن و هەڵکەوتەی ئەو کیژە جوانەی گوندی کانی ماسی بۆ ماوەیەکی درێژ مینا یادەوەرییەکی گەلێک زیندوو لە زەینی باپیرەمدا مایەوە و هەرگیز وەسفی شێوە و ڕوخساری پاکیزەی لەسەر زاریدا ون نەدەبوو.

ئەفسووس، دواجار لەوکاتەی باپیرەم بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری شەڕی دژواری نێوان دوو تیرە بەرەو دەڤەرێکی دیکەی نێو شاخەکان دەچێت، لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا لە نزیکی گوندێک بە ناوی جنومەلەکان ئۆتۆمۆبێلەکەی لێ وەردەگیرێت. ئیدی بەڵێنەکەی پێشتر لە قووڵایی دڵییەوە بە هەژۆی دابوو، ئەویش دەمرێت! لێ، هەتا سەر لەگەڵ خۆیدا نایباتە ژێر گڵ.

دوای ساڵانێکی درێژ، پاش ئەوەی من لە هەژۆ و پتر یادکردنەوەی ئەو باپیرە ئازیزەم دابڕابووم، ڕۆژێکیان لە دوای هەشت کاتژمێری درێژ و هێزپڕۆکێنی کارکردن لە کۆمپانیای فروفیێل، بۆ پیاسە و پشوویەک بەرەو باکووری شارە شووشەییەکە چووم. ئێوارە بوو، زووتر لە جاران هەستم بە برسیەتی کرد و لە دەرگەی چێشتخانەیەکی ئێرانی چوومە ژوورەوە، هەرکە لەسەر کورسییەکی نزیک پەنجەرە دانیشتم، لە گۆڤارێکی سەر مێزەکەدا بۆ جاری دووەم ناوی گوڵی تەرەقیم هاتەوە پێش چاو!

پێشتر لە نێو فڕۆکەکەدا بەهۆی ڕەفتار و هەڵکەوتەی ژنە فارسە لە خۆباییەکەی هاوسەفەرم، هێندە گرنگیم بە ناوی گوڵی تەرەقی نەدا، لێ لە چێشتخانەکەدا و بەهۆی دووپاتەبوونەوەی ناوی ئەو نووسەرە، پارادۆکسێکی سەیرم دەهاتە پێش چاو. لە سەرنجدانم بۆ بەشی یەکەمی ناوەکە وەک جاری پێشوو سۆزی گەرمی گوڵێی خوشکم وەبیردەهاتەوە و لە کەشی نێو چێشتخانەکەیشدا مینا هاڵاوی خواردنێکی خۆشی وەک فسنجون دەڕژایەوە نێو ناخم، کەچی لە بەشی دووەمی ناوی گوڵی تەرەقی، ژاوەژاوی فیل و تەڵەکەی پارت و لایەن و بزووتنەوەی کۆن و سەردەمیانەی لەمەڕ ئیتحاد و تەرەقی نێو گوێچکەکانی هەراسان دەکردم و هەنووکەی وێرانتر لە سەدەی پێشوو دەهێنایە پێش چاوانم!

چیرۆکەکەی گوڵی تەرەقی لە گۆڤارەکەدا زۆر درێژ بوو و هێندەی هێنام و بردم، نە توانیم

تایتڵەکـەی لـە زەینمـدا وەرگێڕمـە سـەر زمانـی شـیرینی کـوردی، نـە لـەو وشـانەیش گەیشـتم کـە کەوتبوونـە پێـش و پاشـی ئامـرازەکان و نـاوەکان. دواتـر لەوکاتـەی لـە پەرەگرافێکـی چیرۆکەکـە کارەکتەرێکم بـە نـاوی سوهەیلە کەوتـە بەرچـاو، کیژەکـەی لـە چێشـتخانەکەدا کاری دەکـرد، هـات و مەنیۆکـەی لەسـەر مێزەکـەم دانـا، ئیـدی نازانـم چـۆن سـەرم لەسـەر گۆڤارەکـە هەڵبـڕی و بـێ بیرکردنـەوە لـە نـاوی کچەکـەم پرسـی! لـێ، ئـەوەی سـەیر بـوو کـە یەکسـەر هەمـان نـاوم لەسـەر زاری کیژەکـە بیسـت، بۆیـە لێـم بـوو بـە ناچـاری دەربـارەی کورتەیـەک لـە بەسـەرهاتی چیرۆکەکـە لـەو بپرسـم!

مـن بـە هـۆی دووریـم و دابڕانـم لـە زێدی شـیرین و گونـدە جوانەکـەی باپیـرەم، بـاری ژیانـم لـە شـارە شووشـەییەکەدا کوتومـت وەک نـاوی گوڵـی تەرەقـی لێهاتبـوو، واتـە بەشـێکی هـی دوێنـێ و هەڵەتـی منداڵیـم بـوو: گەلێـک نۆسـتالژی و شـیرین و جـوان! کەچـی بەشـەکەی دیکـە بـە هـۆی ماناکـەی داهاتوویەکـی ناجـۆر و خێـرا و کاتکـوژی دەهێنایـە پێـش چـاوم کـە هەنووکـە مـرۆ کەمێکـی لـێ لـە نێـو جەنجاڵییەکانـی ئامێرێکـی وەک ئایفۆنـدا دەبینێتـەوە، بۆیـە مـن ڕۆژانـە بـۆ دژایەتیکـردن و هەڵاتـن لـەو جـۆرە ژیانـە، هەرکـە لـە دەرگـە گەورەکـەی کۆمپانیـای فروفێـڵ وەدەردەکەوتـم، پێـم خۆشـبوو یەکسـەر بـەرەو ڕابـوردوو و نێـو دنیـای کتێبـان بگەڕێمـەوە. بـۆ کتێبفرۆشـییەک دەچـووم بـە نـاوی هومـا و کەمێـک لەگـەڵ خاوەنـە پیرەکـەی دادەنیشـتم. دواتـر، یـان دەگەڕامـەوە ماڵـە چکۆلەکـەم، یانیـش بـەرەو باخچـە و پـارک و گالەرییەکانـی هونـەر دەچـووم، کـە هەمیشـە پـڕ لـە نیـگاری جـوان و سـەرنجڕاکێش بـوون.

جارێکیـان لـە ڕێگـەی چوونـم بـۆ نێـو باخچەیەک بـە ڕێکـەوت بـە بـەردەم دوکانێکـی میوەفرۆشـیدا ڕەتبـووم کـە ناوەکـەی لـە سـەر دەرگەکـە بـە زمانـی چینـی نووسـرابوو، نـاو و نرخی شـتەکانیش بـە زمانـە بیانییەکـە بـوو. ئـەوەی لـەو دوکانـە لـە هەمـوو شـتێک پتـر سـەرنجی بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـام بینینـی چەنـدان هەنـاری گـەورە و سـوور بـوو. هەنـارەکان نرخێکـی وەهایـان لەسـەر بـوو، کـە ئەگـەر باپیـرەم لـە ژیانـدا مابووایـە بـە توندی لـە ئەژنـۆی خـۆی دەدا. دۆزینـەوەی هەنـار لـەو دوورییـە شاگەشـکەی کـردم و کەمێـک دڵـم بـۆ ڕابـوردووی خـۆم و بەرهەمـی باپیـرەم سـووتا کـە لـەو دنیایـە بێبەزەییـەدا بـۆ دەبێـت شـتەکانیش وەک مـرۆ بـە گوێـرەی شـوێن، نرخـی گـران و هەرزانیـان لەسـەربێت!

دوو دانـە هەنـارم هەڵگـرت و پـارەی یـەک، یـان دوو کاتژمێـری کارکردنـم خسـتە نێـو دەسـتی ژنـە چینییـە لاوازەکـە. بـەو دوو هەنـارەوە بـە شـەقامەکەدا دەڕۆیشـتم و وەهـام دەزانـی دڵـی باپیـرەم و هـەژۆی برامـم لـە نێـو دەسـتەکانمدا هەڵگرتـووە و لـە غەریبیـدا پیاسـە دەکـەم. ئـەو ڕۆژە هێنـدە شـادمان و دڵخـۆش بـووم، یادەوەرییەکانـی هەڕەتـی منداڵـی و نێـو باخەکـەی باپیرەمـم وەک فیلـم دەهاتـەوە پێـش چـاوان و لـە نێـو کەشـەکەیدا دەژیـام. درەنگانـی شـەو گەڕامـەوە ماڵـەوە و هێنـدەی کۆشـام نەمتوانـی یـەک لـە هەنـارەکان بشـکێنم و کەمێـک لـە دەنکەکانـی بخـۆم.

دوو ڕۆژ دواتـر لەسـەر مێـزی ناندینەکـە دانیشـتم و خەریکـی داتەکاندنـی دوو هەنارەکە بووم، لێ بەرلەوەی دەنکەکانیـان بخەمـە نێـو دەفرێکـی شووشـەی قـووڵ و لـە نێـو یەخچاڵەکـەدا هەڵیبگـرم، بیرۆکەیەکـی سـەیرم بـۆ هـات کـە هەتـا هەنووکەیـش دەرئەنجامەکەیـم وەک

سەیرییەک وەبیردێتـەوە. لەخۆڕا دەستم بە ژماردنی دەنکەهەنـارەکان کرد! لـە هەنـاری یەکـەم کـە گەورەتـر بـوو ٦١٣ دەنکەهەنـارم ژمـارد، کەچی وەک پێشـهاتێکی گەلێـک سەرسـوڕهێنەر و باوەڕنەکـراو هیـی دووەمیـان ٣٦٥ دەنکەهەنـاری تێدابـوو، هەمـان ژمـارەی ڕۆژەکانـی ساڵێکی تاکانە.

مـن لـە ژیانمـدا کەسـم نەبینیبـوو مینـا باپیـرەم هەنـاری بـە جوانـی شـکاندبێت و خواردبێـت. لـە بیرمـە هەمـوو جـار دەیگـوت: لەکاتـی هەنـار خواردندا دەبێـت هێنـدە وریابیـن و نەهێڵیـن هیـچ دانەیەکـی لـێ بکەوێتـە زەوی.

بۆیـە ئـەو ڕۆژە لەگـەڵ بیرهاتنـەوەی ئـەم ئاخاڤتنـەی باپیـرەم هیچـم لـە هەنارەکانـم نەخـوارد، نـەوەک دەنکەهەنارێکـم لـە دەسـت بکەوێـت. لەبری ئـەوە خـۆم بـە تویـکڵ و گـۆ و پێسـتە تەنکەکانـی نێـو هەنارەکانـەوە خەریـک کـرد و هەمـووی شـەش خولـەک تێنەپـەڕی کـە لەژێـر دەسـتمدا سـیمای درەوەشـاوە و جوانـی کچێـک و دیمەنێکـی دیکـەی هەڵپەڕکێـی کـوردی دروسـتبوو. دوای دوو ڕۆژ لـە دروسـتکردنی نیـگارەکان بـە پاشـماوەی دوو هەنارەکـە، لەپـڕ نامەیەکـم بـە پۆسـت لـە هـەژۆی برامـەوە بـۆ هـات و تێیـدا نووسـیبووی:

– دڵـداری بـرا، کویـی! دواجـار خەونەکـەی باپیـرە هاتـەدی و یارێکـم بـە نسـیب بـووە دەڵێیـت گوڵەهەنـارە و نـاوی هەڵاڵەیـە! ئـەوەی سـەیرە هەڵاڵـە لـە ١٩٧٦/٠٦/٢٦ لـە هەمـان ڕۆژەکـەی تـۆ لـە شـوێنێک هاتووەتـە دنیـاوە کـە وەک گونـدە دڵگیرەکـەی سـەر زاری باپیـرە -کانـی ماسـی، ناوەکـەی بـە وشـەی کانـی دەسـت پـێ دەکات.

لـە ئاسـت ئـەو هەواڵـە خۆشـەدا نەمدەزانـی چـۆن شـادمانی نێـو دڵـم بـە هـەژۆ ڕابگەیەنـم و ئاهـی قووڵـم هەڵدەکێشـا کـە هـەزاران کیلۆمەتـر لـە زێـدی شـیرین دوورم. لـەو ڕۆژگارانـەدا دۆش دامابـووم هێنـدەی بیـر لـە ڕێکەوتـی دروسـتکردنی دوو نیگارەکـە و هاتنـی نامەکـەی هـەژۆ بکەمـەوە، چونکـە دواتـر نـە جارێکیتـر نامەیەکـم لـە هـەژۆوە بـۆ هـات و نـە بـە هەواڵێکیشـیم زانـی، ئیـدی نازانـم چـۆن سـاڵەکان چەشـنی خەونـی کـورت کـورت تێپەڕیـن و خۆمـم لـە سـەردەمێکی دیکـەی گەلێـک جـودا لـە ڕابـوردوو بینییـەوە.

ڕۆژێکیان لە کتێبخانە مەزنەکەی شارە شووشـەییەکە دانیشـتبووم و لەپـڕ بـۆ یادکردنـەوەی ئـەو ڕۆژەی هەژۆ لـە ژێـر دارهەنارەکانـی باخەکـەی باپیـرەم منـی لـە مـردن ڕزگارکـرد، وشـەی هەنـارم لـە گـووگڵ نووسـی، لـە نێـو هـەزاران بابـەت دەربـارەی هەنـار، ئەوجـارە چیرۆکەکـەی گوڵـی تەرەقـی بـە زمانـە بیانییەکـە دەدۆزمـەوە، هەروەهـا بـە بەسـەرهاتی ئەفسـانەیەکی یۆنانـی گەلێـک قـووڵ و سەرنجڕاکێشـیش ئاشـنادەبم. چیرۆکەکـەی گوڵـی تەرەقـی نـاوی (خاتـوو هەنـار و کوڕەکانی) بـوو، باسـی لـە خەم و ئازارەکانـی دایکێکی میهرەبـان دەکـرد کـە چـۆن زێـدی شـیرینی لـە نزیـک شـاری یـەزد جـێ دەهێڵێـت و وەدوای سـۆراخی دوو کوڕەکـەی دەکەوێـت. دایکەکـە بـە درێژایی گەشـتەکەی بەسـەرهاتی ژیانـی بـۆ هاوسـەفەرێکی دەگێڕێتـەوە. باسـی ژیانـە خۆشـەکەی پێشـتری بـۆ دەکات، کـە چـۆن لـە گوندەکەیـدا باخێکـی هەنـاری هەبـووە و بـە هەمـوو دنیـای نەگۆڕیوەتـەوە، کەچـی دواجـار بەهـۆی حەسـرەتی چەنـدان سـاڵەی دووری لـە دوو کوڕەکـەی، بـە ناچـاری دەکەوێتـە نێـو گەشـتێکی سـەختی نێـو فرۆکـە و گەڕانێکـی گەلێـک بێهـوودە.

ئـەوەی لـە ئەفسـانە یۆنانییەکـە دەمخوێنـدەوە جێگـەی تێڕامانـی قووڵتـر بـوو! چونکە هەسـتم دەکرد لـەو سـاتەوەختەی باپیـرەم وەسـفی دەسـتگیرانی داهاتـووی هـەژۆی بـە گوڵەهەنـار کردبـوو، لای منیش بـە درێژایـی سـاڵەکانی دووریـی، بارێکـی سـەیر و هاوشـێوەی نێـو ئەفسـانەکە هەبـوو، کەچـی لەگـەڵ

بینینەوەی هەنار و دەرکەوتنەوەی ژمارە (٦) وەک دوو کۆدی نهێنی و کۆن و سەرتۆپی بابەتەکانی نێو ئەفسانەکە، گەرەکم، لە پەیوەست بە ژیان و مردن، هێشتا پتر لەم دووانەیە بگەم.

هەژۆ لەگەڵ چیرۆکێکی دڵداری پڕ لە کێشەدا ژیابوو! من هەتا لە سەردەمێکیتر ئاشنای بەسەرهاتەکانی چیرۆکەکە و ئەفسانە یۆنانییەکە نەبووبووم، نەمدەتوانی هیچ جۆرە هاوشێوەبوونێک لە نێوانی هەردووکیاندا بدۆزمەوە. ئەرێ، بۆ ساڵانێکی درێژ کە لە هەواڵی هەژۆ دابڕابووم، دەمویست بە سانایی باوەڕ بە خۆم بهێنم کە چیرۆکی دڵدارییەکە تەنێ بەرهەمی خۆزگەیەکی فەریک و قووڵی نێو دڵی باپیرەم بووە و ڕۆژێک چەشنی هەنارێکی گەییو زاری هەژۆی برام شیرین دەکات! هەرگیز نەمویستووە خەیاڵم بۆ لای شتێک ببەم و بڵێم کە بەسەرهاتەکانی لە قووڵایی ئەفسانەیەکی کۆن سەردەردەهێنن و بۆ ئەوەی هەرگیز لە نهێنی و ئاکامەکەی نەگەم و بترسم.

لە بیرمە لەو ڕۆژەی باپیرەم لە گوندی کانی ماسی گەڕایەوە، هەرکە منی لەبەردەم باخەکەیدا بینی یەکسەر سەری لە پەنجەرەی ئۆتۆمۆبێلەکەیەوە دەرهێنا و هەمان ئاخاڤتنە کۆنەکەی شەش مانگی پێشووی دووپات کردەوە:

– ڕۆڵەکەم دڵدار، بۆ هەژۆ و چاکە گەورەکەی گوڵەهەنارێکم لە نێو باوەشی شاخەکاندا دەستنیشان کردووە!

لەو جارەدا من بە چاکی لەو ئاخاڤتنە ناڕوونەی سەر زاری باپیرەم نەگەیشتم، بۆیە هەتا لە ئۆتۆمۆبێلەکەی نەهاتەخوارەوە و لە ژێر دارهەنارێکدا باسی وردەکاری گەشتەکەی بۆ نەکردم، نەمزانی مەبەستە شاراوەکە چییە؟

دوای ئەوەی ساڵانێکی درێژ بەسەر کۆچی دوایی باپیرەمدا ڕەت دەبێت، من و هەژۆ هەریەکەمان لە نێو خەون و دنیایەکدا دەژین کە هیچی لە هیی ئەویتر ناچێت. من بێئاگابووم لە بەسەرهاتەکانی چیرۆکی دڵداری نێوان هەژۆ و هەڵاڵە. هەتا درەنگ بەو هەواڵانەیشم نەدەزانی کە چۆن لەو گوندەی هەژۆ بە ڕێکەوتێکی ئیلاهی دەکەوێتە داوی ئەوینداریيەکی ئاڵۆز و پڕ لە سەرئێشە، دوو برای پشتی لەسەر یەک- دوو دۆنمە زەوی هەتا خوێن ڕشتن بووبوون بە دوژمن و نەیاری یەکدی. هەڵاڵە کیژە تاکانەکەی یەکێک لەو دوو برایە بوو. لە یەکەمین وەسفی هەژۆدا بۆ یارە دڵخوازەکەی، من وەهام دەزانی بە خەیاڵ باسی هەمان کیژەکەی ڕۆژگارەکانی گۆرین دەکرد. ئەو کیژۆڵەیەی باپیرەم بەو نیازەبوو ڕۆژێک لە پاداشتی ڕزگاریکردنم لە مردن بۆ هەژۆی برامی بکات بە بووک.

لەو ڕۆژگارانەی لە کۆمپانیایەکی زەبەللاح بە ناوی فروفێڵ کاردەکەم و ژیانم گەلێک لە هیی مێروولە دەچێت. هەژۆی برام لە نامەکەیدا پێی ڕاگەیاندبووم کە ئەندازیاری ڕێگەوبانە و کاری قیرتاوکردنی ڕێگەی گوندێکی نزیک شاری هەولێری پێ سپێرراوە. من ناوی گوندەکەم بە تەواوی لە بیرنەماوە، کەچی لە بیرمە کە چۆن هەژۆ لەوپەڕی شادمانییەوە باسی یەکەمین سەردانی بۆ گوندەکە بۆ نووسیبووم. هەڵاڵە لە دووریی ڕێگە خۆڵەکەدا خەریکی چنینی گوڵە نێرگز و گولیلکە سوورەکانی وەرزی بەهار بوو، لەوکاتەدا هەژۆ پیکابە نیسانە سپییەکەی لە کەناری ڕێگەکەدا ڕادەگرێت و بە ئاکامی دڵ لەو کیژە جوانە ڕادەمێنێت، وەک ئەوەی کتومت کیژۆڵەکەی نێو گەشت و خەونە پێشینەکانی باپیرەم بێت و گەورە بووبێت. هەژۆ هەڵاڵەی دەبینێ کە چۆن بە پەنجە ناسکەکانی

گوڵەکانی یەک لە دوای یەک دەکرد بە چەپک و دواتر وەک هالەیەکی زێڕین و نەخشێنراو بە یاقووتی سوور دەیخستە بان قژە درێژ و ڕەنگ خەنەییە خۆزایە سروشتییەکەی.

لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگ و سەردانە بەردەوام و یەک هەفتەییەکانی هەژۆ بۆ گوندەکە، چیرۆکی دڵدارییەکی بێوێنە دەکەوێتە سەر زاری گچکە و گەورەی گوند و مایەی بێزاری و تووڕەییەکی زۆر لای ئامۆزایەکی هەلاڵە. ئەرێ، چیرۆکی دڵداری هەژۆ و هەلاڵە لە هیی نێو حەیران و لاوک و داستانان دەچوو، کەچی، بە پتر گێڕانەوە و بیرکردنەوە لێی، مرۆ دەکەوتە بەردەم هەمان ترس و نیگەرانی کە لەنێو ئەفسانەیەکی کۆندا هەیە، لێ من هەمیشە خوازیاربووم لە شێوەی ئەفسوونێکی ببینم کە لە دوای کۆچی ناوەختەی باپیرەمدا بۆ سەدای ئاوازێکی شاد گۆڕابێت و لە نێو گوێچکەکانی هەژۆدا بزرینگێتەوە.

– کیژێک لە گوڵەهەنار ناسکتر!

لە ئەفسانە یۆنانییەکەی چەندان جار بەشێوەی پی دی ئێف PDF لەسەر شاشەی لاپتۆپەکەم خوێندبوومەوە و دواتریش گوێم لە تۆمارە دەنگییەکانی بووبوو، بە وردی ئاشنای نهێنی و کۆدە سەیرەکانی بووبووم، بۆیە بەدەر لە هەبوونی هەنار نەمدەویست هیچ وێکچوونێکی دیکە لە نێوان چیرۆکی دڵداری هەژۆ و هەلاڵە و هیی نێو ئەفسانەکەدا ببینمەوە.

ئەرێ، لەو ڕۆژگارانەی وەک چاوەر و نووسەرێکی نهێنیی ئەم چیرۆکە لەودیوی ئۆقیانووسەکانەوە دەژیام، دەیان وێنەم بۆ خۆشەویستی هەردووکیان لە زەینمدا کێشابوو. هەمیشە بە هیوای ڕۆژێک گەڕانەوە بووم بۆ زێدی شیرین و خەونم بەوەوە دەبینی جارێکی دیکە خۆم لە نێو فڕۆکەیەکدا ببینمەوە و بچم لە زەماوەندەکەیان ئامادە بم.

کەچی شەوێک لەگەڵ خەونێکمدا وەئاگاهاتم و هەستم کرد ئاکامەکەی گەلێک وێڵ و نادیار بوو. لە خەونەکەمدا شەش برام هەبوون کە یەکێکیان لە هەموویان گەورەتر بوو، ناوی هەژۆ بوو، هەژۆ ڕانکوچۆغەیەکی ڕەشی لەبەربوو، دەستی بووکێکی هێندەی پەری جوانی گرتبوو. لەوکاتەی من بە نیازبووم دەستی خوشک و براکانم بگرم و شادمانی نێو دڵم بۆ ئەو ڕۆژە خۆشە بە هەڵپەڕکێی کوردی دەربڕم، لەپڕ دیمەنەکە لە پێش چاوانم پێچەوانەبووەوە و گۆڕا. خۆمم لەسەر تەختەیەکی ساردوسڕی نەخۆشخانەیەک دەبینییەوە کە پزیشکێک مشارێکی دارتاشیی بە دەستەوە بوو، خەریکبوو قاچی چەپەی لە خوار ئەژنۆمەوە دەبڕیمەوە. من هێندە هەستم بە ئازاری قاچبڕینەوەکەم نەکرد، هێندەی پەرۆشی بینینەوەی دیمەنی هەژۆی برام و بووکە شێوە پەرییەکە بووم، بۆیە وەک ئەوەی دەرهێنەری سەرەکی فیلمی نێو ئەو خەونە سەیرەی خۆم بم، یەکسەر تاوم دایە مشاری دەستی پزیشکەکە و مینا پاڵەوانێکی نێو فیلم، مشارەکەم بە ئەژنۆی قاچی ڕاستەم شکاند و پارچەکانیم لە پەنجەرەکەوە فڕێدایە دەرەوە، ئیدی لێرەوە دیمەنی نێو خەونەکەم دیسان گۆڕایەوە و کیژۆڵەیەکی قژخەنەیی و ڕوو پەمەییم دەبینی کە کراسێکی کوردی سپیی لەبەربوو و لە پێدەشتێکی پڕ لە گوڵە نێرگز و کولیلکان بەرەو شوێنیک ڕایدەکرد کە زۆر تەماوی دیاربوو. لەوکاتەدا ئامانژەیەکی سەر ڕێگە دەردەکەوت کە ناوی گوندێکی لەسەر نووسرابوو، کە لە دوو بڕگە پێکهاتبوو، لە بڕگەی یەکەم وشەی (کانی) م دەخوێندەوە، کەچی بڕگەی دووەم بە ڕوونی نەدەهاتە پێش چاوم. تیپەکانی وشەکە وەک هیی

نێو ئامێری قومارخانە و گازینۆیەکی سەیری ژیان، بە سەدان شێوە دەگۆڕا. برگەی دووەمی ناوی گوندەکە یەک لە دوای یەک دەبوو بە وشەگەلی لەمەڕ: ماسی، سارد، وەتمان، پانکە، ماران، بۆت.. تاد. دواجار لەپڕ وشەی قرژاڵە لەسەر ئەو ئاماژەیە دەردەکەوت کە بۆ ناوی گوندەکە لەسەر ڕێگەکە دانرابوو.

هێشتا هەر لە نێو خەونەکەمدا بووم لەوکاتەی ئاماژەکەی سەر ڕێگە یەکسەر بوو بە شاشەی تیڤی و کەناڵی (BBC) بەشی عەرەبیی لەسەر دەرکەوت. ژنێکی لێو بە سووراو ڕیپۆرتاژێکی دەخوێندەوە کە دەربارەی گوندی کانی قرژاڵە بوو. لە ڕیپۆرتاژەکەدا خەڵکێکی بێژمارە لەسەر گۆڕستانێکدا کۆبووبوونەوە بۆ ئەوەی ڕێز لە ژنێک بگرن کە دەیانگوت لە تەمەنی زێڕینیدا گەلێک چاکە و جوامێری نواندبوو، کەچی لە ڕێپۆرتاژەکەدا ئەوەی وەک زەبرێکی کوشندە بەر پەردەی گوێم و ڕەمزی پیرۆزی زمانی کوردی کەوت، ئەو کاتە بوو کە بێژەرە عەرەبەکە لەبری کانی قرژاڵە ناوی گوندەکەی بە (عین سرطان) هێنا. لەگەڵ بیستنی وشەی (سرطان) و ئەو وەرگێڕانە ناجۆرەی کەناڵیکی بە ناوودەنگی وەک (BBC)، لە شوێنی خۆم ڕاپەڕیم و مستێکم وەشاندە شاشەی تیڤییەکە، شاشەکە شکا و دەستم خوێنی لێهات و بەسەرهاتەکانی نێو ئەو خەونەم مینا وردە شووشە لە پێش چاوانمدا هەڵوەرین!

هەر لە نێو خەونەکەمدا مابوومەوە و بۆ دڵنەوایی بارە خەمناک و شێواوەکە، برایەکی لە هەژۆ گەورەترم دەبینی کە مووی سەری وەک بەفری چیاکان سپی بووبوو، کەچی ڕوخساری وەک هیی گەنجێکی چواردە ساڵان لە دوورەوە دەگەشایەوە. ئەو دەهات و لەسەر سەکۆیەک دەوەستا هەتا ئەم شیعرە بخوێنێتەوە:

**ئەم بەیانییە**

**نازانم خەو، یان خەیاڵە**

**هەست و سۆزم**

**دەمباتەوە کانی قرژاڵە**

**بۆ سەر .....**

برایە گەورەکەم شیعرەکەی بە نیوەچڵی جێ دەهێڵێت و دیمەنەکە جارێکیتر دەگۆڕێت. هەژۆی برام دەبینمەوەوە کە بە تەنیا لە بەرانبەر شاشەیەکی گەورە دانیشتبوو. لەوکاتەدا گۆرانیبێژی سووری مەیادە حەناوی دەردەکەوێت و خۆشترین گۆرانی ئەویندداری دەربارەی (عیشق) دەچڕێت. لەگەڵ ئاوازی خۆشی گۆرانییەکە هەژۆی برام پێدەکەنێت و ئاوڕێک بۆ دواوەی خۆی دەداتەوە. باپیرەم لە دوورەوە دەبینێت کە بارێک هەناری شیرینی باخەکەی لەسەر شانی هەڵگرتبوو، بۆ لای وی و دیار شاشەکە دەهات. لێرەوە لەپڕ خۆم دێتە پێش چاو کە بە قاچەبڕاوەکەمەوە، لە نێو قوڕ و لیتەیەکدا گیرم خواردبوو، هێندەی دەکۆشام دەستی باپیرەمم بۆ نەدەگیرا.

من ئەو خەونەم چەند مانگێک دوای وەدەرنانم لە کۆمپانیای فروفیڵ بینیبوو و هێندەی بیرم لە مانا شاراوەکانی دەکردەوە، تێی نەدەگیشتم، لێ بە خۆمم دەگوت بەرلەوەی وەک پەنابەرێکی بێچارە لە وڵاتەکەیش وەدەربنرێم، ڕۆژێک بە کامی دڵ نەخشە دادەڕێژم و بە ئارەزووی خۆم پێ بنێمەوە نێو فرۆکە و بگەڕێمەوە زێدی شیرینم. نەخشەکەم وەها لە زەینم دانابوو کە بۆ مانگی شەشی ساڵی داهاتوو گەشتەکە بکەم و دوای پتر لە بیست ساڵ دابڕان جارێکی دیکە هەژۆ لە نێو باخەکەی باپیرەمدا ببینمەوە.

من نەمدەزانی بە هۆکاری سەختییەکانی

ژیانی دووریم بوو کە ئەو ماوە درێژەی لە سەدەیەک دەچوو، وەها لە هەواڵی هەژۆی برام و دوائەنجامی تراژیدی چیرۆکی دڵدارییەکەی دابڕابووم، یان بە هۆکاری خەون و خەیاڵی شیرینم بە وێناکردنی دوو دڵداری شادمانی ژێر یەک بان.

لەگەڵ بینینی خەونەکە گومانێکی زۆرم بۆ پەیدابووبوو، تامەزرۆی پێوەندیکردنەوە بووم بە هەژۆ، هەتا ڕۆژێکیان لەپڕ لە دوای دابڕانێکی گەلێک درێژ جارێکیتر دەنگە بە سۆزەکەی هەژۆ دەبیستمەوە، لێ کەنگێ، لەوکاتەی هەژۆ ناخۆشترین هەواڵی ژیانیم پێ دەڵێت و منیش وەدوای خۆشییەکی تەمەن کورت کەوتبووم کە هەنووکە زۆر کەس لە نەشتەرگەری جوانکاری وەدەستی دەکەوێت.

ئەرێ، لە ٢٠٢٥/٠٥/١٣ بە نیازی گچکەکردنەوەی کەپووم لە نۆڕینگەیەکی جوانکاری دانیشتبووم، سەرباری ئەوەی چوونم بۆ ئەوێ مینا پارادۆکسێکی سەیر و پێچەوانەی بیرکردنەوەکانم بوو، کەچی هێشتا لە بەرانبەر جوانکارییە بێماناکەی لە پیری بۆی چووبوومە بەر هەویر، نەمدەتوانی دوودڵی بنوێنم و بڕیار لە دژی نەشتەرگەرییەکە بدەم.

جارێکیان لە کاتی گەڕانم بە دوای وشەی هەناردا بە ڕێکەوت چاوپێکەوتنێکی گوڵی تەرەقی-م لەسەر یوتیوب بینی، کە لەوپەڕی شانازیکردن بە ڕابوردوو و چینی سەردەستی ڕۆژگارەکانی گۆڕین دەئاخڤی، کەچی دواتر دەچووە نێو قووڵایی بابەتەکانی ڕۆژگار و ڕەخنەی ژیرانە و ڕژدی لەو کوڕ و کچانەی سەردەم دەگرت کە هەنووکە بە کەپووی پێچراوەوە بە شەقامەکانی شاراندا پیاسە دەکەن، یان ئەوانەی لەبری دانیشتن بە دیار کتێبێک و بیرکردنەوە لە جوانکردنی ناخ، کاتژمێری درێژ لە نۆڕینگەکانی جوانکاری دەمێننەوە و بە فیلەرکردنی ڕوخساریان گەلێک شادمانن.

لە نۆڕینگەکەدا نازانم چۆن لەهێکرا خۆمم وەک ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسە لە خۆباییانە هاتە پێش چاو کە پووشکە لە چاوی خۆیان نابینن، کەچی بە نووسین و ئاخاڤتنی قەڵەو ڕووپەڵ و شاشە پڕدەکەن و بەسەر بچووکترین هەڵەی مرۆی هەژار و نەداردا بازنادەن، بۆیە هەرکە کچەکەی بەردەم مێزەکە بۆ چوونە لای دوکتۆر ناوی هێنام، من لە شوێنی خۆم نەجووڵام و لە بڕیاری گچکەکردنەوەی کەپووم پەژیوان بوومەوە، دواتر بلەز بۆ دەرەوەی نۆڕینگەکە چووم و بێباک بووم لەوەی سەدان دیواری لە شووشەم بێتە ڕێ.

چوار ڕۆژی ڕێک دوای گەڕانەوەم لە نۆڕینگەکە، سەر لە سپێدەی ٢٠٢٥/٠٥/١٧ وەک هەمیشە نەچوومە بەردەم ئاوێنە، بۆ ئەوەی دیسان کەپووم ببینم و بیکەمەوە بە خەمی ڕۆژ، لەجیاتی ئەوە لاپتۆپەکەم کردەوە هەتا بەو بڕە پارەیەی بە نیازبووم نەشتەرگەری لووتمی پێ بکەم، لە ئۆنلاین بلیتی گەڕانەوە بۆ زێدی شیرینی باوباپیرانم بکڕم. هێشتا لاپتۆپەکەم چاوی هەڵنەهێنابوو کە لە پڕ نامەیەکی دەنگیم لە سارای خوشکم لە ڤایبەرەوە بۆ هات. ژمارەی هەژۆی بۆ نووسیبووم و داوای لێ کردبووم هەرچی زووە تەلەفۆنێکی بۆ بکەم.

هەژۆ بە قورگی پڕ لە گریانەوە دەئاخڤی! بۆیە بەهۆی گریانەوە نەدەیتوانی لە هەواڵی دووری و دابڕانم بپرسێت و نە هەواڵە دڵتەزێنەکەیشم پێ بڵێت کە لە هەمان ڕۆژدا ڕووی دابوو. هەژۆ لە تەلەفۆنەکەدا سەرباری نەگێڕانەوەی هیچ وردەکارییەکی پێشتری نێو چیرۆکی دڵدارییەکەی،

دەرئەنجامە تراژیدییەکەی بە زمانێک دەگێڕایەوە کە هاوشێوەی لە هیچ ئەفسانە و داستانێکدا نەدۆزرێتەوە.

هەژۆ پاش ئەوەی بۆ ماوەی چواردە ساڵ لەگەڵ هەلاڵە و دوو کوڕەکەی ژیانێکی شاد و ئارامیان لە شارۆچکەی سەلمادا هەبوو، لە پڕ پەیدابوونی ئامۆزایەکی دووری هەلاڵە بە ناوی شێرە پەنجەدرێژ ئەو ژیانەی لێ وێران و سەراولێژ دەکات. شێرە پەنجەدرێژ پێشتر دەست و پێی چەند کەسی بۆ پارە بڕیبوو. ڕۆژێکیان بێ هیچ پێشەکییەک تەلەفۆن بۆ هەژۆ دەکات و بە بەهانەی بابەتی دڵدارییەکە داوای پارەیەکی زۆری لێ دەکات. ئەو لە تەلەفۆنەکەیدا تەنێ ماوەی شەش مانگ بۆ پێدانی پارەکە بە هەژۆ دەدات، بە پێچەوانەوە کارێک بەسەر خۆی و هەلاڵە و کوڕەکانی دەهێنێت کە هیچ بایەک بە دەواری شەڕی نەکردبێت. هەژۆ مینا ڕۆژگارەکانی گۆڕین و ئاستەنگەکانی دەستپێکی چیرۆکی ئەویندارییەکەی هەر بە ئارامی و خۆڕاگری مایەوە و زۆر گوێی بەو ڕەشەبا ناوەختە و هەڕەشە درەنگەی شێرە پەنجەدرێژ نەدا. هەژۆ وەهای دەزانی ئەم جارەشیان وەک گشت بەربەست و ساتە ئەستەم و ناخۆشەکانی پێشتری ژیانی تێدەپەڕن و نامێنن.

ئەفسووس، لە ئێوارەی ٢٠٢٥/٠٥/١٧ شێرە پەنجەدرێژ بۆ ماوەی چەندان کاتژمێر لە پەنای دیواری بازاڕێکدا بە ناوی پارساڵ خۆی مەلاس دەدات و لە چاوەڕوانی هەلاڵەدا دەمێنێتەوە، کە لە دەرگە گەورەکەی بازاڕەکە بێتەدەر، دواتر شێرە پەنجەدرێژ هەرکە هەلاڵە دەبینێت هار دەبێت و لە هیچ شتێک ناسڵەمێتەوە. یەکسەر پەنجە درێژەکەی دەخاتە سەر پەلەپیتکەی دەمانچە بێدەنگەکەی و لە نزیکییەوە دەیتەقێنێت. لەو ئانوساتە و لەنێو دیمەنێکی گەلێک تراژیدی و خەمناکدا، هەلاڵە لەسەر پلیکانەکانی بەردەم بازاڕەکە دەکەوێتە خوارەوە و چەند خولەکێک لە نێو خوێنی خۆیدا دەگەوزێت. لە بەرانبەریشدا شێرە پەنجەدرێژ وەک گەردەلوولێکی تۆزاوی و گورگێکی دەمخوێناوی و بکوژێکی سەردەم و پشت پەردە، لە پێش چاوان ون دەبێت و بۆ ماوەیەکی درێژ کەس بە هەواڵێکی نازانێت.

لە تەلەفۆنەکەمدا نەمدەزانی چۆن دڵی ئەو برایەم بدەمەوە. خوازیاربووم کار و سەرئێشەکانی ژیانی دووریم زوو لە کۆڵ بنەوە و بشێم بۆ هەتا هەتایێ بگەڕێمەوە زێدی شیرین، هەتا لە ناخۆشییەکی وەهادا لە نزیکەوە هاوسۆز و هاوخەمی ئازیزێکی وەک هەژۆ بم و لەبری ئاخاوتنی بێباڵی نێو تەلەفۆن، باوەشی گەرمی پێدا بکەم، هەرچەند لێم ڕوونە، کە گەلێک ئەستەمە نە من و نە کەسی دیکە گەردێک لە سۆزە مەزنەی هەلالە بۆ هەژۆ بگەڕێنێتەوە.

لە سەروەختی داخستنی تەلەفۆنەکەم بڕیاری کۆتاییم دابوو و دەمزانی کە زوو، یان درەنگ دڵم وەک هیی ئەو دایکە میهرەبانەی نێو چیرۆکی گوڵی تەرەقی، ڕۆژێک بۆ دیداری خوشکەکانم و هەژۆ لەپڕ دەیکاتە کوتەکوت و ترپەی لێدانی لەسەر سنگمدا دەنگ دەداتەوە.

لەو ماوانەی دواییدا بە ڕژدی خەریکی ڕێکخستنی گەشتی گەڕانەوەم بووم و لە هەمان کاتیشدا چەندان جار ئەفسانەی یۆنانی پیرسیفۆنیم لەگەڵ شەش دەنکە هەنارەکە دەخوێندەوە. بۆ گەڕانەوەم و بۆ دڵدانەوەی هەژۆ دەمویست لە قووڵایی هەناوی مێژووەوە ئاخاڤتێک دەربارەی مردن دەربهێنم و ئامادەی بکەم کە هیچ مەلایەکی سەر مینبەر بە زەینیدا

نەهاتبێت، یان ئەگەر هیچ وشەیەکیشم دەربارەی مردن بەسەر زاردا نەهاتبایە، بمتوانیایە لە نزیکەوە جارێکیتر بەگەرمی لە باوەشی بگرم. بۆ ئەوەی سپاسم کردبایە و پێم گوتبایە کە ئەگەر ئەو لە ژیانمدا نەبووایە هەنووکە ئەو دوو دەیەی تەمەنی منیش لە دووری زێدەیی بوو.

ئەرێ، من خوازیاربووم بە زوویی بگەڕێمەوە و وەک ڕۆژگارەکانی هەڕەتی منداڵی بە دڵێکی پاک، لەتەک هەژۆ دابنیشم و وەها بزانم کە هیچ شتێک لە ژیانماندا نەگوزەراوە. بچمەوە زێدی شیرین و بەو برایەم بڵێم کە بە تێرامانم لەو وێنانەی لە سەرەتای ڕۆژگارەکانی دڵداری بە پۆست بۆی ڕەوانەدەکردم، من شێوەی پێرسیفۆنی، یان جوانترین کچی دنیام لە ڕوخساری هەڵاڵەدا دەبینییەوە، بۆیە گەلێک جاران نیگەران دەبووم، کەچی هێندێک جاریش بە بیرکردنەوەم لە گوڵەنێرگز و گوڵەهەنار و ژمارە شەش پتر شاگەشکە دەبووم و وێکچوونە سەیرەکانم لە زەینمدا بەرەو ئاستێکی باڵاتر دەبرد، لێ هەمیشە زۆر ئاگاداربووم و سنوورێکم لە نێوان بەسەرهاتی نێو ئەفسانە یۆنانییەکە و چیرۆکی دڵداری نێوانی ئەو دوو کەسە ئازیزەم دەبینی.

دواجار، دوای ئەوەی ئەو بڕە پارەیەم لە ئەکاوتنەکەم لە بانکی ڕۆماڵ دەرهێنا کە لە دوای ساڵانێکی درێژی کارکردنم لە کۆمپانیای فرۆفیێل هەڵمگرتبوو و کەمێکی لێ مابووەوە، یەکسەر بەرەو مۆڵێکی گەورە چووم، بۆ ئەوەی لەو دوکانەی زێڕ و گەوهەر کە ناوی هالەلۆیا بوو و چەندان جار بە بەردەمیدا تێپەڕیبووم دیارییەک بکڕم. لە هەر جارێکمدا بە بەردەمی دوکانەکەدا ڕەت دەبووم هەمان ڕازونیاز لە نێو دڵمدا چێ دەبوو کە ڕۆژێک بشیابام ملوانکەیەکی زێڕ بۆ پیرۆزباییکردن لە هەڵاڵە و هەژۆ لەگەڵ خۆم ببەمەوە.

لێ، ئەفسووس دوای هەواڵی مەرگی ناوەختی هەڵاڵە، کڕینی ملوانکەی زێرین لەکارێکی گەلێک بێهوودە و درەنگ دەچوو، بۆیە ئەو ڕۆژە بەدەم ڕێگەوە بیرم دەکردەوە کە بە پیرەمێردە سەرسپی و چاویلکە لە چاوەکەی نێو دوکانەکە بڵێم کە لەبری ملوانکە، میدالیایەکی زێڕینم بۆ دروست بکات ناوی هەڵاڵەی لەسەر نووسرابێت، لەگەڵ نیگاری گوڵەنێرگزێک لە ناوەڕاست، کە بە شەش دەنکەهەناری یاقووتی سوور دەوردرابێت.

ئەرێ، بە پیرەمێردەکە بڵێم زوو کارەکە بکات، بەڵکە لەکاتی گەڕانەوەمدا یەکسەر لەگەڵ هەژۆ وێکڕا دەچینە سەر گۆڕی هەڵاڵە و یادی پەنجا ساڵەی لە دایکبوونی دەکەینەوە، هەروەها وێنەی میدالیا زێڕینەکە بۆ گشت کەناڵەکانی تیڤی دەنێرین و دەنووسین:

ئەم میدالیایە خەڵاتێکی ڕەمزییە و پیرۆزی کەسێکە کە تاوانباری وەک شێرە پەنجە درێژ دەدۆزێتەوە و دەیهێنێتە بەردەم دادگە!

یان دەنووسین:

با چیتر خوێنی کچان و ژنانی بێتاوان نەڕژێت!

با ئەم میدالیایە بکەینە گەردنی پیاوێک کە داری دەستی شوانی هەڵدەگرێت و پارێزگاری لە گوڵەنێرگز و گوڵەهەناری ئەم نیشتمانە جوانە دەکات، نەوەک ڕۆژێک بکەونە بەر پێی پان و قورسی دوژمن!

لە ٢٠٢٦/٠٦/٢٦